## بانکی پرسیار: دەروونزانی گەشە  قۆناغی دووەم

**پ: پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:**

١- کوێرەرژێنەکان   ٢- قۆناغی بەرلەدایك بوون   ٣- زایگۆت ٤-گلاندەرژێنەکان   ٥- فرۆید  ٦-هۆرمۆنی گەشە   ٧- بۆماوە   ٨-پێشکەوتن

**پ: ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەوە:**

١- گلاندی نوخامی لەبەر گرنگی هۆرمۆنەکەی ناودەبرێت بە .........................

٢- ئەگەر باوك بە کرۆمۆسۆمی(X)  بەشدار بێ و دایکیش بە کرۆمۆسۆمی (X) ئەوا ڕەگەزی منداڵەکە ...........................دەبێ.

٣- گلاندی......................  زۆر بچوکە، درێژییەکەی دەگاتە یەك سانتیمەتر و پانیەکەی دەگاتە نیو سانتیمەتر.

٤- گلاندی ......... قەبارەکەی زۆر بچوکە کە درێژییەکەی دەگاتە یەك سانتیمەتر و پانیەکەی دەگاتە .........

٥- گەشە گۆڕانکارییە ......... دەگرێتەوە بەڵام پێگەیشتن گۆڕانکارییە ......... دەگرێتەوە.

٦- دەروونزانی گشتی لە لایەن زانای ئەڵمانی ......... دۆزرایەوە بەڵام دەروونزانی منداڵ لە لایەن .........

٧- قۆناغی لە دایکبوون پێیدەگوترێت ......... چونکە ئەم قۆناغە لەسەرەتای لەدایکبوون تا ......... دەگرێتەوە.

٨- هەندێ کات گەشە خێرایە، هەندێ کاتیتر سستە ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە ڕێژەی گەشە .........

٩- هەر خانەیەك لە خانەکانی جەستەی مرۆڤ لە ......... پێکدێت.

**ث: هۆکاری ئەمانەی خوارەوە بنووسە:**

١- وروژاندنی گلاندی سێکسی بەر لەوادەی خۆی.

٢- کورتەباڵایی.

٣- لادان لە ڕەفتار و کیانی تاکدا.

٤- عملاقی.

**پ: تەنها بژمێرە:**

١- قوتابخانە سایکۆلۆژییەکان.

٢- گرینگترین گلاندەکان.

**ث: پێنج لە پێداویستیەکانی گەشە لە قۆناغی پێگەیشتوو بنووسە.**

**پ: نیشانەی ڕاست و چەوت بەرامبەر ئەمانەی خوارەوە دابنێ و <u>چەوتەکانیش</u> ڕاست بکەوە:**

١- لیکەگلاند  یەکێکە لە کوێرەرژێنەکان.

٢- گلاندی سنەوبەری گلاندی منداڵیشی پێدەڵێن.

٣- باوك یەکەم کەس بووە هەستی بە شوێنکاری دووگیانی کردووە.

٤- بیستالوزی کتێبێکی لەسەر منداڵە سێساڵ و نیوەکەی خۆی چاپکرد.

٥- هەموو لایەنەکانی گەشە بەیەك ڕێژە لەیەك کاتدا گەشە دەکات.

٦- کێشی منداڵی تازەلەدایکبوو دووکیلۆ و نیوە و درێژییەکەی دەگاتە (٥٠ - ٥٥ سم).

**پ: بە هێلکاری قۆناغەکانی ژیان ڕوونبکەوە.**

**پ: باسی هۆکارە بۆماوەییەکان بکە.**